# تەمەن تاکە پێوەری هاوسەرگیری نییە
# تا چەند گرنگیمان بە باڵغبوونی ئەقڵ داوە؟

**شارەزایان و پسپۆڕانی پزیشکی و دەروونی باشترین تەمەنی هاوسەرگیرییان بۆ کچان تەمەنی ٢٠-٣٠ ساڵی و بۆ کوڕانیش ٢٥-٣٥ ساڵی بە شیاو دەزانن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە هەر دوو رەگەز لەو تەمەنانە دەگەنە ئاستێکی پێگەیشتوویی دەروونی، ئەقڵی، جەستەیی، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی نەریتی بە کوردستانیشەوە ئەو بۆچوونە زانستییانە لەبەر چاو ناگیرێ و زۆرجار پێگەیشتتنی جەستە بە یەکەم مەرجی هاوسەرگیری دادەندرێت و لایەنی کامڵ بوونی ئەقڵ فەرامۆش دەکرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**



زانایانی دەروونی لە بەریتانیا داوا لە پزیشکان دەکەن تەمەنی پێگەیشتن لە ١٨ ساڵییەوە دوا بخەن بۆ تەمەنی ٢٥ ساڵی. ئەو دەروونناسانە دەڵێن، دەبێ تەمەنی نەوجەوانی بۆ سێ بەش دابەش بکرێت: سەرەتای نەوجەوانی ١٢-١٤ ساڵ، ناوەندی نەوجەوانی١٥-١٧ ساڵ، تەمەنی کۆتایی نەوجەوانی ١٨-٢٥ ساڵ. ئەو زانایانە رایانوایە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا مرۆڤ لە رووی سۆزداری و هۆرمۆنی و دەمارییەوە دەبێتە کەسێکی پێگەیشتوو و جێگیر نەك لە تەمەنی ١٨ ساڵی بۆیە پێشنیار دەکەن تەمەنی هاوسەرگیری تا تەمەنی ٢٥ ساڵی دوا بخەن.

ئومێد عەلی جاف مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە بواری جێندەر، سەبارەت بە هەمان بابەت سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «بابەتەکە دوو جەمسەری هەیە، جەمسەرێکیان باسی هاوسەرگیرییە و ئەوی دیکەیان قسەکردنە لە سەر پێگەیشتوویی. بۆیە بە پێویستی دەزانێت سەرەتا بابەتی هاوسەرگیری شی بکاتەوە، پاشان بێتە سەر لایەنی دووەم. «لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە، بابەتی هاوسەرگیری جیهانێکی داخراوی پڕ کێشەیە، هۆکاری سەرەکیشی ئەوەیە کە لە پێوەندی نێوان دوو تاکەوە، کراوەتە پێوەندییەك کە وەك بەشێك لە پێکهاتەیەکی گەورەتر لێی دەڕوانن، واتە کۆمەڵگە بڕیار لە سەر ژیانی ئەو دوو هاوسەرە دەدات، نەك دوو هاوسەرەکە خۆیان، بۆیە هەمیشە ئەوی دیکە، یان ئەوانی دیکە لەو پێوەندییەدا ئامادەییان هەیە. لێرەدا ئاسان نییە لێکدانەوە بۆ پێگەیشتنی ئەقڵی بکەین و بیبەستینەوە بە بابەتی هاوسەرگیرییەوە، بەڵام دواجار و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەریتی کوردستان، دەکرێت بڵێین، پێگەیشتووی ئەقڵی بە بێ قسەکردن لە سەر قۆناغەکانی گۆڕانکاری جەستەیی، قسەکردنێکی ناکامڵە. چونکە گۆڕانکارییە جەستەیی و بایۆلۆجییەکان کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لە سەر شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی هەر کەسێك، ئەگەرچی بۆ تەمەنی پێگەیشتن، ماوەیەکی دیاریکراو هەیە و لە ١٣ ساڵییەوە تا ٢٣ ساڵی دەگرێتەوە، بەڵام لە رووی کۆمەڵناسی و دەرونناسییەوە، هیچ کەسێك لە ئاستێکدا بە جێگیری نامێنێتەوە، بەڵکو تا تەمەنی پیربوونیش گۆڕانکارییە ئەقڵییەکان بەردەوامن، بەڵام با قسە لە سەر ئەو ١٠ ساڵە بکەین و بپرسین گرفتی هاوسەرگیری لە گەڵ بابەتی پێگەیشتنی ئەقڵیدا چییە؟

کاتێك کەسێك لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵییەوە هاوسەرگیری دەکات، گرفت دروست دەبێت، چونکە هەم لە رووی جەستەیی و هەم لە رووی ئەقڵییەوە گۆڕانکارییەکان بەردەوامن و جێگیر نین، لە کاتی گۆڕانکاری بەردەوامیشدا، مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی ئەوی دیکەدا سەختە و زۆر جار ژن و مێرد بەو هۆیەوە کێشەی زۆریان بۆ دروست دەبێت، کە رەنگە بگاتە جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان. ئەمە

لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەردووکیان لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵەوە بن. ئەگەر بێت و مێردێك تەمەنی لە قۆناغی گۆڕانکارییەکان تێپەڕیبێت و پێگەیشتوو بێت، یان جیاوازییەکی زۆری تەمەنی هەبێت لە گەڵ هاوسەرەکەیدا، بێگومان کێشەکە زۆر گەورەترە و بۆشایی زۆر زیاتر لە نێوانیاندا هەیە و لە دوو دنیای جیاواز و لە دوو قۆناغی دوور لە یەکدا دەژین».

توێژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پڕۆسەی هاوسەرگیری گرنگ و بە بایەخە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بۆیە باسکردن و قسەکردن لەسەر ئەم پڕۆسەیە و بنەماکانی پێکهێنانی بایەخدارتر و هەستیارترە و پێویستی بەوەیە کە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. ئەوەی پێوەندی بە قسەکردن لەسەر باڵغبوونی ئەقڵ و جەستەوە هەبێت، کە وەك یەکێك لە بنەماکانی پێکهێنانی پڕۆسەی هاوسەرگیری سەیر دەکرێت و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بێگومان کامڵبوونی ئەقڵی و درککردن بە گرنگیی هاوسەرگیریی بایەخی ئەوتۆی هەیە کە زۆرجار دەبەسترێتەوە بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی خودی پڕۆسەکەوە، چونکە لایەنی ژیریی بۆ هاوسەرگیری یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی پڕۆسەکە، بۆیە کامڵبوون، یان باڵغبوون نەك تەنها لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو لە رووی زانستی و تەنانەت دینیش بە گرنگییە و سەیری دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە لایەنی کامڵبوون و باڵغبوونی ئەقڵ و تەنانەت جەستەش لە ڕەهەندی تەمەن دەردەچێت و هەندێکجار دەبینن تەمەن دەگاتە ئاستی باڵغبوون و کامڵبوونەوە، بەڵام پڕۆسەی درککردن بە شتەکانی دەوروبەر داودەکەوێت.»

پسپۆڕی دەروونزانی تەرزە حازم، هێما بۆ ئەوە دەکات کە بیرمەندان لە سەرئەوە کۆکن مرۆڤ بە کۆمەڵێك سیفاتی حەقیقی لە بوونەوەرانی دیکە جیا دەکرێنەوە، ئەو سیفەتەش پێی دەگوترێت (ئەقڵ)، هەمان سیفەت لە گیانەوەرانی تریش بوونی هەیە. بەڵام جیاوازی نێوان ئەم دوو بوونەوەرە چییە کە هەر دووکیان هەڵگری چەمکی ئەقڵن؟ بێگومان ئەوەی جیاکەرەوەی ئەقڵی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەیە (ژیر)ییە کە چاك و خراپ دەستنیشان دەکات، لەناو باشییەکەشدا دەبێت زۆرباشەکە هەڵبژێردرێت، چونکە لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەوەی بووەتە کێشەی گەورە ئەو (ژیری)یە، کە هەندێك مرۆڤ پێیوایە بەدەستیان هێناوە، کەچی خاڵیشە لێی. ئەی باشە چۆن بناسرێتەوە؟ ناسینەوەی ئاشکرا و روونە، بەڵام لەو ململانێیەدا بڕوابوون سەری هەڵداوە، واتا بڕوابوون پێش ئەقڵ بەکارهێندراوە، ئەمە وایکردووە ژیری لە دەست بدرێت و بەدەست نەیەت هەرکاتێك مرۆڤ خۆی لە ژیان ئازادکردو هەرپێی وانەبوو کە لەگەڵ زۆرینە بێت، ئەگەر زۆرینەش کەوتە هەڵەوە، ئەوا ژیری بەدەست دێت، چونکە ژیری زۆرجار بە هۆی هەڵاهەڵای زۆرینەوە لەدەست دەچێت، مرۆڤ ئەگەر زۆر ژیر بوو ئەوکات پێی دەگوترێت (ئەقڵی باڵا) هەڵگری ئەقڵی باڵا، ئەوانیش پێیان دەگوترێت (بلیمەت و فەیلەسوف). تەنانەت بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی نوێ دەرکەوتووە، ئەقڵ خۆشەویستی دەکات نەك دڵ، بەپێی ئەو توێژینەوەیە، زنجیرەیەك کارلێکەری کیمیایی بەرپرسن لەهەستەکان، ئەوەش لە رێگەی چەند دەمارێکی تایبەتەوە لە مێشکەوە بۆ لەش دەگوازرێنەوە و هەستەکان دروست دەکەن. بەپێی توێژینەوەکە، مێشك بزوێنەری سەرجەم هەستەکانی مرۆڤە و کۆنترۆڵی ترپەی دڵیش دەکات، ئەمەش ئەو بڕوایە رەتدەکاتەوە، گوایە خۆشەویستی لەدڵدا دروست دەبێت.

دەروونناس سامان سیوەیلی، سەبارەت بە هەمان پرس جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بە هۆی هەلومەرجە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، هەردوو رەگەزی نێر و مێ هەتا دەچنە ناو کەژاوەی ژیانی هاوسەری، وەك دوو بوونەوەری نامۆ بەیەك مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا لە کوردستان هیچ رۆشنایییەك ناخاتە سەر لایەنی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی مرۆڤ بە جۆرێك یاریدەی ناسینی رەگەزی بەرامبەر بدات. بۆیە پرۆسەی هاوسەرگیریی لە رۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا و لای زۆرینەی خێزانەکان لە پرۆسەیەکی بازرگانی دەچێت، بڕی ئاڵتون و بڕی مارەیی و جۆری شەکراو و هۆڵی ئاهەنگ گێڕانەکە و مۆدێلی ژووری نوستنەکە و کەلوپەلەکانی تری ناو ماڵ، زۆرترین پانتایی گفتوگۆکانی نێوانە ماڵی کچ و ماڵی داواکار پێکدەهێنن. ئەمە لەکاتێکدا تێگەیشتن لە خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی ئەو دوو دنیا جیاوازەی نێوان دوو مرۆڤەکە ئەرکی لە پێشینەی خودی کچ و کوڕەکەیە و فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاو بۆ ئەو دوو مرۆڤە بە مەبەستی دیالۆگێکی ئەقڵانی دوور لە کاریگەری سۆز ئەرکی لە پێشینەی هەردوو خێزانەکەیە.» گوتیشی: «بێگومان بۆ کچ و کوڕێکی گەنجی ئەوروپی، یان رۆژئاوایی ئەم مەسەلەیە هیچ گرنگییەکی نابێت، چونکە لەلایەك پرۆگرامەکانی خوێندن ئاشنای کردوون بە زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانی رەگەزی بەرامبەر، لەلایەکی ترەوە میدیای بینراو و خوێندراو قسەی خۆیان هەیە لەم بوارەدا، هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەش ئەو کەشەی فەراهەم کردووە کە دیواری کۆنکرێتی لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا نەبێت.

کەسایەتی ئەکادیمی و ئایینی د. بەشیر خەلیل حەداد، سەبارەت بە هەمان پرس قسەکانی بەمجۆرە دەستپێکرد: «تەمەن لە شەرعی ئیسلامی پیرۆزدا رەچاو نەکراوە و لە رووی شەرعییەوە پێوەرەکە بلووغە، نەك تەمەن، ئەوەش پەیوەستە بە سرووشت و شوێن و کەش و هەوای ژینگەیی کە وا دەکات کچان لەو شوێنانەی کە گەرمترن لە رووی کەش و هەوا زووتر بە تەمەنی بلووغ دەگەن، بلووغ بەو مانایە کە کچەکە لە رووی ئەندامانی لەش و جەستەیەوە گەشەی تەواوی کردبێت. لە رووی ئەقڵیشەوە دەبێت گەشەی کردبێت و لانیکەم دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە بڕیار بدات، لەبەر ئەوەی لەکاتی مارەکردن رای وەردەگرن. هەروەها کە کچ شوو دەکات، ماڵێك ئاوەدان دەکاتەوە، دواتر دەبێتە دایك و منداڵ پەروەردە دەکات و ئەرکی هاوسەرداری و خێزانی لە ئەستۆ دەبێت، واتە کۆمەڵێك ئەرکی قورسی دەکەوێتە سەرشان کە دەبێت توانای راییکردنی هەبێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانە منیش لەگەڵ ئەوەم کچ لە تەمەنی ١٨ و تەنانەت بیست ساڵان شوو بکات، بەڵام بە مەرجێك کە گەرەنتییەك هەبێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە ورووژاندن بژی، کۆمەڵگەیەك نەبێت تووشی هەڵە و لادانی بکات، دیارە کچ لە پاش ١٨ و تەنانەت ٢٠ ساڵانیش لە رووی ئەقڵییەوە گەشە دەکات و درووستکردنی ژیانی خێزانیش هەم بلووغی جەستەیی و هەم بلووغی فکری پێویستە.

ئومێد عەلی چارەسەر لەوەدا دەبینێت کە پێویستە هاوشان لە گەڵ رەچاوکردنی پێگەیشتنی جەستەییدا بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، رەچاوی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی ئەقڵی کەسەکە بکرێت، پاشان گرنگی بە ئازادی تاك بدرێت و تاکەکان سەربەست بکرێن لەوەی کەی و لە گەڵ کێ هاوسەرگیری دەکەن، بە رەچاوکردنی ستانداردی جیهانی کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە رێگە بە هاوسەرگیری نادات. هەروەها پێویستە پرۆسەی هاوسەرگیری بخەینەوە قاڵبی تاك و وەك پێوەندی نێوان دوو کەس مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، نەك وەك پێوەندی نێوان دوو خێزان، یان دوو بنەماڵە.

**کاتێک کەسێک لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵییەوە هاوسەرگیری دەکات، گرفت دروست دەبێت، چونکە هەم لە رووی جەستەیی و هەم لە رووی ئەقڵییەوە گۆڕانکارییەکان بەردەوامن و جێگیر نین**

**بلووغ بەو مانایە کە کچەکە لە رووی ئەندامانی لەش و جەستەیەوە گەشەی تەواوی کردبێت. لە رووی ئەقڵیشەوە دەبێت گەشەی کردبێت و لانیکەم دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە بڕیار بدات**

**لایەنی کامڵبوون و باڵغبوونی ئەقڵ و تەنانەت جەستەش لە ڕەهەندی تەمەن دەردەچێت و هەندێکجار دەبینن تەمەن دەگاتە ئاستی باڵغبوون و کامڵبوونەوە، بەڵام پڕۆسەی درککردن بە شتەکانی دەوروبەر داودەکەوێت**

**بە هۆی هەلومەرجە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، هەردوو رەگەزی نێر و مێ هەتا دەچنە ناو کەژاوەی ژیانی هاوسەری، وەک دوو بوونەوەری نامۆ بەیەک مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن**

# له ئەنجامی بە خاوەندارێتی پیاو و بەشمەک بوونی ئافرەتێک تاوانێک دەکرێت

پاولۆ کۆیلۆ له وتەیەکیدا سەبارەت بە خۆشەویستی دەڵێت ((خۆشەویستی بە تەنیا بەریەککەوتنی دوو کەسی بە ڕەگەز جیاواز نییە، بەڵکو لە باوەش گرتنی ئەندامەکانی یەکتریشە)) بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی نەریتپارێزی وەك کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کاتێك هەندێك لە ژن و ومێردان ئەم باوەش بە یەکداکردنەیان لێ دەبێتە ڕۆتین و ئەرکێکی پەتی خێزانداریی و ئەویش وەك ماشێنێك بە بێ شەوق و چێژی خۆشەویستی ڕۆحییەوە، ئیتر لێرەوە هەستە ڕۆحیەکەیان بۆ یەکتر تووشی داماویی و کلۆڵی دێت، هەر ئەم کلۆڵ بوونیەیە ڕەنگبێ وای لە ئافرەتێکی وەك (سای) کردبێت، لە دەرەوەی پێوەندی خێزانی بە دوای خۆشەویستی ڕۆحیدا بگەڕێت و بۆ باوەشێکی تر جەستەی خۆی ئامادە بکات، چونکە وا هەست دەکات وەك کچێك لە شووکردنیدا نیوە ونبووەکەی خۆی لەو پیاوەدا نەبینیوەتەوە کە بووەتە مێردی شەرعی خۆی، ئیتر ئەمەیە ئەو کێشەیەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بە پێوەندی ناشەرعی دەژمێردرێت، لە هەندێ کۆمەڵگەشدا سزای یاسایی بۆ دادەنرێت، بۆ ئەوەی ڕێژەی فریودان و تاوان و توندوتیژی کەوتنەوە لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگەدا لەو ڕووەوە ڕابگرن، گەورەترین کۆسپ بۆ کیژو کوڕێکیش کە یەکترییان بکەوێتە بەردڵی یەك ئەوەیە لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە گەشەیان نەکردبێت، خۆ ئەگەر بە تەواوی گەشەیان نەکردبێت، ڕووی هەر یەکەیان بۆ چێژوەرگرتن لەوی تر وەردەگەڕێ و ڕەنگە پێ بە پێی ئاستی خۆپەرستی و خۆویستی لایەکیان جۆرێك لە ناجێگیری دروست بێت و باڵ بکێشێت بۆ ئەوەی جۆرێك لە هەستی قەرەبوو کردنەوە لە لای کەسێکی تر بدۆزێتەوە کە ئەم بە نیوە سروشتیەکەی خۆیی بزانێت و پێویستی بەو باوەش پێدا کردنەی بێت، زۆربەی جاریش لەبەر ئەوەی لەم کۆمەڵگە چەپێنراوانەدا خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز بە هەموو ئامرازەکانی کە لە دەوروبەری مرۆڤدان، بە پەروەردەو ڕاگەیاندنیشەوە هەر لە منداڵییەوە لە مرۆڤی حەرام دەکەن، ئیتر بێ ویستانە ئەم هەوڵە بۆ باوەش پیاکردنی ئەو ڕەگەزەی بەرانبەر لە جیاتی خۆشەویستی ڕۆحییانە دەبێتە خۆشەویستیەکی جەستەییانە واتە ڕوانگەی سۆزداری مرۆڤ دەبێتە پلە دوو لە بری ئەوەی پلە یەك بێت، لێرەوە دراما تراژیدیەکان تۆمار دەکرێن، ڕووداوە ڕاستەقینەکەی درامای ئەمجارەش کە لە بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان وەرمگرتووە، بریتییە لە کوژرانی (سای) بە دەستی شووبراکەی خۆی و دواتر هەڵاتنی تۆمەتبار بەرەو هەندەران، بێگومان ئەمە یەکەمین دراماو دوایەمینیش نابێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە پڕیەتی لە شکستی خۆشەویستی نێوان ئەو ژن و مێردانەی تەنیا بۆ پڕکردنەوەو دامرکانەوەی چێژێکی ساتەوەختی چوونەتە ناو قەفەزی زێڕینەوە، ئەو ژن و مێردانەی ئەو سۆزە سپیەیان سووك کردووە و لە هەست کردن بە تەنیاییدا ناتوانن هاوسەنگیەك لە نێوان هەستەکانی خۆیان دابنێن، بۆیە جار هەیە بۆ پڕکردنەوەی دەفری خاڵیی خۆشەویستی خۆیان لە بێزاریدا بیر لە کەسێك زیاتر دەکەنەوە و وا دەزانن دەفرەکەیان بۆ پڕ دەبێت لە خۆشنوودی، لە کاتێکدا کە بە هۆش دێنەوە تەماشا دەکەن هەر ڕێکنەخستنی ئەم چێژەیە ماڵوێرانیان دەکات و خوێنیان دەخاتە کاسەی کەسانێکی نەریتپارێزو خۆ بە پارێزەری شەرەف و کەرامەتەوە، ئافرەتێك پێی وا بێت بە بەخشینی جەستەی خۆی خۆشەویستی دەست بکەوێت و پیاویش پێی وا بێت بە دەسبەسەراگرتنی ئەندامەکانی مێینەوە عەشقی ئافرەتەکە دەبێت..

به پێی وتەو لێدوانی شایەتحاڵەکان، (سای) شووی بە پیاوێك کردووە کە هەم خزمی یەکتر بوون و هەم لە منداڵییەوە هۆگرو متوی یەکتر بوون، کەچی ئەم لێکنزیکی و متوبوون و هۆگرییە هەرگیز نەیتوانیوە لە ناو سنووری هاوسەرایەتیدا گەشە بە خۆشەویستی نێوانیان بدات، چ بە حوکمی هاوخوێنی خزمایەتییان و چ بە حوکمی ئەوەش لە منداڵیەوە سای خۆشەویست بووە بە لایەوە، بۆیە وای زانیوە ئەگەر زۆرترین کەڕەت ژنەکەی بخاتە پێخەفەوە چیتر واز لەو ڕەفتارەی دێنێت کە چاو بۆ پیاوی تر بگێڕێت، بێئاگا لەوەی کێشەی ئەم خێزانە زیاتر ڕۆحی بووە، نەك جەستەیی، ئەم کێشەیەشە وا دەکات هەموو لێکنزیکبوونەوەیەکی زیاتری جەستەیی وای لێبکات لە ڕووی ڕۆحییەوە لە مێردەکەی دوورتری بخاتەوە، وەك شایەتحاڵەکان دەیڵێن و باسی لێ دەکەن کە سای زۆر جوان بووەو لەبەرچاوانی پیاوان نێچیرێکی دەستەمۆ بووە کە لە هەوڵی ڕاویدا بوون، ئەمەش جۆرێك لە هەستی خۆپەرستی لە ناخی سای ڕواندبێت، چونکە هەرچی هاتووە قسەی باق و بریقی بۆکردووەو لە پێناوی دامرکانەوەیەکی خۆیداو دواتر پشتی تێکردوە، هەر بۆیە دوای ئەم هەموو ئاشکرابوون و تەنانەت گیرانی سای لە لایەن پۆلیسەوە لە شوێنێکی گەشتیاری و لەگەڵ پیاوێکی غەوارەشدا ئەم هەر دەسبەرداری نەبووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم مێردەی زۆر منەتی بە کەرامەت و کبریائی خۆی نەبووە، بەڵکو وەك زیندەوەرێکی کۆیلەو موڵکێکی خۆشەویست لە ژنەکەی خۆی ڕوانیوە، یان وەك پایسکیلێك ئەگەر کەسێکیش لێی بدزێت و سوڕێکی پێ لێبدات و دواتر دەتوانێت بە دەستی بێنێتەوە، بۆیە هەردەم ئەو ڕەفتارو کردەوانەی ژنەکەی فەرامۆش کردووە و پێی وابووە هەر دەتوانێت بە ناوجێی بە حیسابی خۆی بیخاتەوە سەر ڕێی ڕاست و خێزانەکەی لە داڕووخان دەپارێزێت، هەموو ئامانجیشی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا دامرکانەوەی حەزی جەستەیی خۆی بووە بە پلەی یەکەم/ نەك پڕکردنەوەی هەستە ڕۆحەکییەکانی نێوان هەردووکیان، ژن و مێرد بە ناوجێی نابنە هاوبەش و هاوڕێی یەکتر بەڵکو گرنگیدان بە

**ئەم مێردەی زۆر منەتی بە کەرامەت و کبریائی خۆی نەبووە، بەڵکو وەک زیندەوەرێکی کۆیلەو موڵکێکی خۆشەویست لە ژنەکەی خۆی ڕوانیوە، یان وەک پایسکیلێک ئەگەر کەسێکیش لێی بدزێت و سوڕێکی پێ لێبدات و دواتر دەتوانێت بە دەستی بێنێتەوە**

**ئەگەر بە شمەک بوونی ئافرەت نەبێت بەلای پیاوەوە، بۆچی پیاوێک ئامادەیە پارە بداتە ئافرەتی لەشفرۆش لە پێناوی دامرکانەوەیەکی خۆیدا لە کاتێکدا خاوێنترین و جوانترین ئافرەت ژنێتی، بۆچی بە دوای پێخەفی تردا دەگەڕێت لە کاتێکدا ئاسوودەترین پێخەف پێخەفەکەی ژن و مێردایەتییە**



ماجید نووری

هەموو هەست و ئاوات و خەونەکانی یەکترو، بە هەموو ئەو شت و بابەتانەی ئەگەر جیاوازیش بن، نەبوونی هاوڕێیەتیە لە نێوان ژن و مێردا کە ئافرەتان تووشی ساردی و پیاوان تووشی پەککەوتن و زوو فرێدان و خێرا بەتاڵ بوونەوە دەکەن، نەبوونی خۆشەویستی ڕۆحیە کە دەیانکاتە ئەو دوو ئامێرەی لە ناو جێگەدا یەکتر بگەوزێنن تەنیا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی فەرزبوو لەسەریان و بەس، گرفتی گەورەش لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا ئەوەیە پیاوێك هەردەم بیەوێت بەهێز بێت بەسەر ژنەکەیداو هەموو شتێکی ژنەکەی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوەندە دەزانیت ئەم پێوەندییەی نێوانیان بووەتە پێوەندی خاوەنداری کردنی پیاو و بەشمەك بوونی ئافرەت، ئەگەر بە شمەك بوونی ئافرەت نەبێت بەلای پیاوەوە بۆچی پیاوێك ئامادەیە پارە بداتە ئافرەتی لەشفرۆش لە پێناوی دامرکانەوەیەکی خۆیدا لە کاتێکدا خاوێنترین و جوانترین ئافرەت ژنێتی، بۆچی بە دوای پێخەفی تردا دەگەڕێت لە کاتێکدا ئاسوودەترین پێخەف پێخەفەکەی ژن و مێردایەتییە، بۆچی ئەو وزەو توانا هزری و هەستەکی و جەستەیی و مادییەی کە لە ئافرەتی تردا ئامادەیە سەرفی بکات لە ژنەکەی خۆیدا سەرفی ناکات و وەك هاوبەشی ڕاستەقینەو خۆشەویستی خۆی ژیانێکی جوانتر بۆ خۆیان پێکناهێنێت، زۆربەی پیاوان ئەم گەمەی باڵ باڵێن و چاو چاوێنەیان پێ ئاساییەو شانازیشی پێوە دەکەن و ڕەنگە خەڵکانێك هەبن وەك پاڵەوانێك ناوزەدی بکەن.

لە کاتێکدا ئافرەتێك حاڵەتێکی وەك حاڵەتە لادەرەکەی پیاوی لێ ئاشکرا بێت بە قوربانی گوولەیەکی بکەن و ڕۆحی لێ زەوت بکەن، وەك چۆن سای لە ئاکامدا بە دەستی شووبراکەی ڕۆحی لێ زەفت دەکرێت و لە خەڵتانی خوێندا دەگەوزێنرێت..

ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیەی لەم ڕۆژانەدا لە ئافرەتێکی تردا ریسی بۆ بە خووری کرایەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێویستە ژن و مێردەکان بەرلەوەی خاوەندارێتی لەسەر یەکتر بکەن هاوڕێی خۆشەویستی یەکتر بن، دواجار وتەیەکی مایزیل هس هەیە دەڵێت: تەنیا هەستی ئاسوودەییە لە نێوان دوو کەسی خۆشەویستا تینوییەتی سێکسی دەشکێنێت نەك سێکس کردنە پەتییەکە، گونجانی تەواویش خۆشەویستی دروستی دەکات نەك سێکس کردنییەتی..



# ئافرەت جەستەی پێشکەش ناکات بەڵکو عەقڵی پێشکەش دەکات

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**چالاکوانای مەدەنی و داکۆکیکاران لە مافەکانی ئافرەتان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ژینگە، پرۆسەی پەروەردە، کەلتووری نەریتسالاری و پیاوانی کۆمەڵگە ئەقڵی ئافرەتیان فەرامۆش کردووە و ئەوەندەی بایەخیان بە بایۆلۆژی و جەستەی ئافرەت داوە، ئەوەندە ئاوڕیان لە عەقڵ و توانا و کارامەیی ئافرەت نەداوە، هەر ئەوەش بە هۆکارێك دەزانن کە لە بەردەم گەشەی کۆمەڵگەدا بەربەستی گەورە دروست دەکات. بەشدار بووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە تاوتوێ دەکەن.**

«ئافرەت جەستەی پێشکەش ناکات، بەڵکو عەقڵ پێشکەش دەکات، بەڵام ئەوەندەی سوود لە جەستەی وەردەگیردرێ، لە عەقڵی سوود وەرناگرن».

ئەوە وتەی (ئەنجلینا گرمکی) بوو کە بۆ یەکەمجار لەبەردەم دەستەیەکی یاسادانان تابۆی بێدەنگیی ئافرەتی شکاند. گرمکی خانمێکی بە نەژاد باشووری و سپی پێست بوو کە لە شاری (چاڕلستن)ی ویلایەتی (کارۆلاینای باشوور) لە ساڵی ١٨٣٨ بۆ یەکەمجار داکۆکی لە ئافرەت کرد وتارێکی ئاراستەی دەستەی یاسادانان کرد.

رۆژنامەنووس و سەرنووسەری سایتی kdp غازی حەسەن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دەرفەتێکی نوێ لە کۆمەلگە هاتۆتە ئاراوە، ئافرەت دەبێت لەماڵ دەرکەوێت و لە شوێنە گشتییەکان کار بکات. کەواتە بزاڤی ئابووری کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە ژیانی ئافرەت و کەسایەتی ئافرەت دروست کردووە. ناکرێت ئەمە یەکلایەنە سەیر بکەین، بەڵام دەکرێت ئەمە بە سەرەتایەکی نوێ لە کەسایەتی ئافرەت و دوارۆژی ئافرەت لە کوردستان دابندرێت. لە پەروەردە هیچ جیاوازییەك لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ نییە، بۆیە دەکرێت منداڵی کچ هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت، نەك هەمیشە لە پەنا و پەسێوان دەرکەوێت، لە قوتابخانە پلەی دوو بێت، لە گەشتوگوزار و دەرچوون بۆ ناو کۆمەڵگە هەمیشە وەکو کەسێکی سەرکوتکراوی دەمکوتکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت».

ئەمەل جەلال محەمەد ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، باسی ئەوە دەکات کە هۆشیاری تاك لە کۆمەڵگە وابەستەیە بە فەلسەفەی حوکمڕانیی وڵات و ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەسەڵاتی حوکمڕان بەڕێوەی دەبات، گوتیشی: «قبووڵنەکردنی ئافرەت لەلایەن کۆمەڵگەوە و بەشداری پێنەکردنی لە کایە سیاسییەکان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت ئەقڵی بچووکە و ناهۆشیارە، یاخود لەبەرامبەر مافەکانی بێدەنگە، بگرە نیشانەی ئەوەیە سیستمی حوکمڕانی سیستەمێکی نێرینەیە و پیاوان بەڕێوەی دەبەن، کەواتە فەلسەفەی حوکمڕانی و فەلسەفەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیارە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە. لە کاتێکدا ئافرەت ناهۆشیار نییە و زۆریش هۆشیارە، ئافرەت گیرۆدەی سیستەمێك و یاسایەکن هەتا ئێستا کۆت و بەندی کردوون لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵەوە، یان لەپەراوێزی بەشداریکردندا، ئەوە هەوڵی ئافرەتانی هۆشیاربوو کە یاسای توندوتیژی دەرکرا و یاسای باری کەسی هەموارکرایەوە، ئەگەر پیاوان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هۆشیاربوونایە دەبوو ئێستا کۆمەڵگەیەکی زۆر تەندروست و دوور لە توندوتیژیی خێزانی، دوور لە کوشتنی ئافرەتمان هەبووایە، بە بڕوای من هۆشیاری پیاوانی ئێمە لە هۆشیاریی ئافرەتی تێنەپەڕاندووە، ئەگەر لە رووی ئاماریشەوە هەڵسەنگاندن بۆ پێوەری هۆشیاریی ئافرەت بکەین و بزانین چەند ئافرەتی خوێندەوار و چەند پیاوی خوێندەوارمان هەیە، ئەوکات دەگەین بەم راستییەی کە ئەقڵی ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە کە پیاوان وێنایان کردووە».

حەسەن ساڵح قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهیدانی قڕگە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان لە کەلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا، ژن وەك کاڵا و سامان و سەروەتێکی پیاوان سەیر کراوە. هەرچەندە پێشکەوتن روویداوە، بەڵام عەقڵی پیاوان هێشتا بەو جۆرە گەشەی نەکردووە کە باوەڕی وابێت ژن بتوانێت هاوشانی پیاو یاسادانەر و خاوەن بڕیاری سیاسی بێت. سەیرکردنی سێکسییانەی پیاو بۆ ژن لەم کۆمەڵگە داخراوانەدا زۆر ئابڕووبەرانەیە. گرفتەکە دید و تێڕوانینی عەقڵییەتی کۆمەڵگەیە بۆ پێگەی ژن، کە پێیانوایە تەنیا پێداویستییەکی پیاوە بۆ جنس و خزمەتکردنی پیاو و منداڵخستنەوە، ئەم بۆچوونە هێندەی خایاندووە، ئێستا خودی ژنانیش هەمان ئەو کارەکتەرەن کە پیاوان بەدڵیانە، بێگومان ژینگە و پرۆسەی پەروەردە و کەلتووری کۆمەڵگە ئەقڵی ژنی فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا ژن لە پیاو زۆر خۆڕاگترە، ژن دایکی پیاوە، بۆیە هەر دەبێت عاقڵتریش بێت.»

**هەرچەندە پێشکەوتن روویداوە، بەڵام عەقڵی پیاوان هێشتا بەو جۆرە گەشەی نەکردووە کە باوەڕی وابێت ژن بتوانێت هاوشانی پیاو یاسادانەر و خاوەن بڕیاری سیاسی بێت**

**بەشداری پێنەکردنی ئافرەت لە کایە سیاسییەکان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت ئەقڵی بچووکە و ناهۆشیارە، یاخود لەبەرامبەر مافەکانی بێدەنگە، بگرە نیشانەی ئەوەیە سیستمی حوکمڕانی سیستەمێکی نێرینەیە و پیاوان بەڕێوەی دەبەن**

**منداڵی کچ دەبێت هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت**